**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار

**ژمارە ( ٢٥ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارە( ١ )ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ٨ ) لە ٢٦ / ١٠ / ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

## یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

## یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

## ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی پێنجەم کە بە پێی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ زیادکراوە، بڕگەیەکی ، بەزنجیرەی ( پێنجەم)، وەك ئەمەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت:**

**پێنجەم: لەحالەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەی دیاریکراودا بەبێ هیچ هۆیەکی رەوا، ئەوا دوای (٩٠) رۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و، پاڵێوراوێکی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.**

**ماددەی دووەم:**

**حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەوانە دەگرێتەوە کە لەخولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵێوراون.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە لەسەر لایەنەپەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٥ / گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**

**٨/ ذي القعدة/ ١٤٣٠ ی کۆچی**

**٢٧ / تشرینی یەکەمی/ ٢٠٠٩ ی زایینی**